ڕێگای کوردستان

دووشەممە 11ی ئادار (مارس) ی 2001 ژمارە (494) ساڵی (57)

بەسەر کردنەوەیەکی شارەوانی سۆران

شاری سۆران لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا فراوانبوون و زیادبوونێکی خێرای دانیشتوانی بە خۆوە بینی بە تایبەت کوردەکانی ئاوارەی ئێران بە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان وایکرد زۆرترین خەڵکی گەڕاوە لەم شارەدا نیشتەجێ بێت و بگیرسێتەوە، خودی شارەکەش بە حوکمی کۆمەڵێ خەسڵەت کە ناوەندێکی سەرەکییە و ڕێگاکان و سنووری هاملتۆنی ئێران و تورکیای لێ نزیکە و چەندان قەزاو ناحیەی بە سەرەوەیە ئەوەندەی تر گرنگی پێ بەخشیوە و قەرەباڵغی خستۆتە سەرو وای لێکردووە ببێتە مەرکەزێکی ئەساسی بازرگانی، لە چەند ساڵی رابردوودا کۆمەڵێ پرۆژە بە ئەنجام گەیەندراون بە تایبەت دروستکردنی چەندین گەڕەك بۆ خەڵکی گەڕاوەی ئێران و دروست کردنی بازاڕگایەکی هاوچەرخ و چەندین خزمەتگوزاری تر لە بواری تەندروستی و پەروەدەیی و لایەنەکانی دیکەدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا کارە خزمەتگوزارییەکان لە ئاست زۆری ژمارەی دانیشتوان و گەورەیی شارەکە و پێداویستییەکانی خەڵکدا نییە و ئێستا گرفتی ئاوو کارەبا و ناڕێکی شەقام و گەڕەك و کۆڵانەکان کێشەی هەنووکەیی ئەم شارەن، ئێمە بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە گرفتەکان و هەروەها ئەو پرۆژانەش کە بە ئەنجام دراون و ئەوانەشی کە لە داهاتوودا ئەنجام دەدرێن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان بە چاکمان زانی سەردانی شارەوانی سۆران بکەین و هەر لەوێدا چاومان کەوت بە بەڕێز (ئارام ئەحمەد حەسەن) سەرۆکی شارەوانی سۆران و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.

ئا/ محەمەد چۆمانی

- گرفتی ئاو یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی سۆران هەرچەندە پرۆژەی لەم لایەنە بۆ ئەنجام دراوە، بەڵام هێشتا کەم و کوڕی هەیە و خەڵکێکی زۆر بە دەست ئەم گرفتەوە دەناڵێنن بەرنامەتان چییە بۆ چارەسەرکردنی؟

+ سەرەتا پێم باشە ئەوە بڵێم کە دەڤەری سۆران بەر لە هەر شتێك فراوانبوونێکی خێرای بە خۆوە بینی بە ماوەیەکی زۆر کەم زۆرترین خەڵك رووی تێکرد، بە تایبەت ئەوانەی لە ئێران گەڕاونەتەوە زۆربەیان لێرەدا گیرسانەوە بێگومان ئەوەش پێویستی بەوە دەکرد کە خانوویان بۆ بکرێت پێش هەر شتێکی تر، شەڕی ناوخۆ زەبرێکی تر بوو لە خەڵك دراو بووە هۆی ئەوەی دیسانەوە خەڵکێکی زۆر ئاوار بێت و روو لێرە بکات لەو کاتەدا گەورترین کێشەی حکومەت نیشتەجێکردنی ئەو خەڵکە بوو بەڵام خۆشبەختانە چەندین خانووو گەڕەکی تازە بۆ ئەو خەڵکە دروست کراو تا ئاستێکی باش کێشەی نیشتەجێ بوون چارەسەرکراوە هەر بۆیە دوای ئەم ماوەیەش بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ئەوا پێداویستییەکانیش روویان لە زیادبوون کردووە و خەڵك داواکاری تری هەیە وەکو کێشەی ئاوو کارەبا و ڕێگاوبان و چەندان بواری خزمەتگوزاری تر، سەبارەت بە پرسیارەکەشت لەمەڕ گرفتی ئاو دەکرێ ئەوە بڵێم کە ساڵی رابردوو پرۆژەی ئاوی بێخاڵ جێبەجێ کراوە و ئەتوانم بڵێم پرۆژەیەکی سەرکەوتووش بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەم ئاوی لە شاری سۆراندا، ئێستاش بڕیارە خەتێکی گەورەتریش بگوازرێتەوە بۆ سۆران هەروەها لە بەرنامەدایە کە حەوزی سەرەوە چاك بکەینەوە ئەوە جگە لەو حەوزەی کە لە لای بازگە چاککراوەتەوە لە بەرنامەماندایە هەر لە نزیك ئەوێ حەوزێکی تر دروست بکەین و ئەو حەوزەی چاککراوەتەوە ئەوا بە ماوەیەکی کەم بە تەواوی ڕێك دەخرێت، تا بتوانین ئاو بە شێوەیەکی یەکسانی دابەشبکەین بەسەر شارو هەموو ماڵێك سوودمەند بێت لێی، ئێمەش دەڵێین گرفتی ئاو کێشەی زۆری بۆ خەڵك دروستکردووە بەڵام وەك وتم پرۆژەو بەرنامەی تازەمان لەبەر دەستدایە بۆ چارەسەرکردنی و حکومەتیش هەر بەو ئاراستەیەدا هەنگاو دەهاوێژێت، کارێکی تر ئەوەیە کە ئێستا فەرمانگەی ئاوی سۆران پێی هەڵدەستێت ئەوا گۆڕینی شەبەکاتی پلاستیکیە و ئێستا پرۆژەکە لە جێبەجێ کرندایە و شەوو رۆژ کاردەکەن و لە زۆربەی شوێن و گەڕەکەکانیش کارەکە تەواو بووە.

- بەڵام تا ئێستا زۆربەی ماڵەکان لە هەندێ گەڕەك ئاو بە پارە دەکڕن؟

+ ئاخر گرفتی کەم ئاوی بۆ دوو شت دەگەڕایەوە یەکەمیان نەبوونی خودی ئاو دووەمیان نەبونی تۆڕی ئاو تەنانەت ئێستا گەڕەکمان هەیە تۆڕی ئاوی هەر بۆ نەچووە، بە تایبەت ئەوانەی چەند ساڵێکە دروست کراون بۆیە ناچارن ئاو بکڕن، راستیەکی بەرچاوە کە دەڤەری سۆران سەرچاوەیەکی زۆری ئاوی سروشتی تێدایە بەڵام هەموویان بە فیڕۆ دەڕۆن بۆیە لە بەرنامەماندایە کە ئەم سەرچاوە ئاوانە بێنین بۆ شار بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانە کاتیان دەوێت.

- باشە ئەو پرۆژە ئاوەی کە ئێستا لە بێخاڵ و رواندوز جێبەجێ دەکرێت و زیاتر بەرەو پێش دەبرێت ئەگەر بێت و لە سۆران تۆڕی ئاو لە هەموو گەڕەکەکان ببەسترێت مەزەندەی ئەوە دەکرێت بەشی هەموو شار بکات؟

+ بەڵێ بەش دەکات بەڵام بە مەرجێك ئاوەکە بۆ حەوزی سەرەوە بگوازرێتەوە چونکە پێشبینیمان کردووە ئەگەر لەم ڕێگایەوە بێت ئەوا هەر ماڵێك رۆژانە (400) لیتر ئاوی بەردەکەوێت ئەوە جگە لە سەرچاوەی ئاوی کاولۆکان و ئاوی سەروچاوەی دیانا ئێستاش لەسەر ڕێگای (جوندیان) دەستکراوە بە هێنانەوەی سەرچاوەی ئاوی بەرزێوە و سەرچاوەی ئاوی (هاودیان)یش ئێستا کاری تێدا دەکرێ و گرفتی کەم ئاوی لە (دێڵزیان) کە (400) ماڵی لێیە چارەسەر دەکات، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو هەموو کارو پرۆژانەشدا کە لەبەر دەستماندایە درێغی ناکەین و بەردەوام هەوڵدەدەین بۆ نەهێشتنی گرفتی بێ ئاوی لە شاری سۆراندا.

- گرفتێکی تری شاری سۆران کێشەی کارەبایە بە تایبەت زۆربەی گەڕەکەکان موەلیدەی ئەهلییان هەیە خەڵکەکەش گللەیی ئەوە دەکەن کە نرخەکەی گرانە و ناتوانن مانگی (150) دینار بدەن لە لایەکی تریشەوە زۆرجار کارەبایان چەند شەوێك دەبڕێت و خاوەن موەلیدەکەش بە هەوەسی خۆی رەفتار دەکات ئێوە چیتان کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە یاخود هەوڵتانداوە بۆ دابینکردنی موەلیدەی حکومی بۆ گەڕەکەکانی شاری سۆران؟

+ راستە گرفتی زۆر هەیە بەڵام کێشەی کارەبا کێشەیەکی گشتییە لە کوردستانداو رەنگە لە شاری سۆراندا گرفتەکە زیاتر بێت پێم باشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە لەم ماوەیەدا فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای سۆران سیمینارێکی بەست بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا لەوێدا زۆر خاڵی گرنگ وروژێندراو چەندین پرۆژەی حەساس بەرنامەی بۆ دارێژراوە و کارەبا چ موەلیدەی حکومی بێت یان ئەهلی و سەرەکی بێت گرفتی لە پێشەوەی ئێمەیە نرخی ئەمپێری کارەبا لە سۆراندا گرانترە لە شوێنەکانی تر ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر زۆربەی گەڕەکەکان ئێستاشی لەگەڵدا بێت شەبەکەی کارەبا و عەموودی کارەبایان نییە گەڕەکەکانی سەر ڕێگای (جوندیان) یەکێکە لەو نموونانەی کە هیچ شتێکی نییە و ئەو گەڕەك و شوێنانەی کە عەموود و شەبەکەشی لێ هەیە کۆنن و زۆربەیان بێ کەڵکن بۆیە فەرمانگەی کارەبا لە هەوڵی ئەوە دایە ئەمانیش بگۆڕێت، بەڵام پێویستی بە زەمان هەیە، زۆربەی پرۆژەکانی کارەباش لە ڕێگای ڕێکخراوی (UNDP) دەکرێت ئەوانیش زۆر لە سەرخۆ بەسستی کارەکان رادەپەڕێنن لە رووی کەشف کردن تاکو جێبەجێ کردنی بە لایەنی کەمەوە پرۆژەکان ساڵێك دەخایەنێت، ئەو جێبەجێ کردنەش ماوەیەکی زۆری دەوێت و چۆنیێتی کاپێکردن و سوود لێ وەرگرتنیشی دیسان ماوەو کاتی تایبەتی خۆی دەوێت.

- ئایا لە بڕیاری 986دا موەلیدەتان دابین کردووە بۆ شاری سۆران؟

+ بە داخەوە زۆر زۆر کەممان وەرگرتووە لە تەواوی ئەم شارەدا تەنها چوار موەلیدەی حکومی هەیە، لە بەرنامەماندا هەیە کە لەمەو دوا ئەم رێژەی موەلیدانە زیادبکەین بۆ شار بەڵام وەك من ئاگام لێی بێ بەرنامەی هێنانی موەلیدە رادەوەستێت لە بری ئەوە بەرنامەیەکی گەورەترمان لەبەر دەستدایە ئەویش بەستنەوەی تۆڕی کارەبای هەرێمە بە تۆڕەکانی کارەبای رژێمەوە، بێگومان ئەم پرۆژەیەش سەرکەوتوو تر دەبێت و مەسروفاتی ماددیشی کەمتر دەوێت تەنانەت گرفتی تریشمان بۆ کەمتر دەبێتەوە، رزگارمان دەبێت لە شکانی موەلیدەو نرخی گرانی ئەمپێرو چەندین کێشەی تر کە رۆژانە خەڵك رووبەڕووی دەبێتەوە جا ئێمە هیواداریـن کە ئەم پرۆژەیە بە زوویی لە هەرێمدا جێبەجێ بکرێت بێگومان شاری سۆرانیش یەکێك دەبێت لەو شارانەی کە دەتوانێت سوودێکی گەورە لەم پرۆژەیە وەربگرێت و گرفتی کارەبا چارەسەر بکات، بۆ زانیاریش ئێستا (مەحەتەی) کارەبای سۆران دەگوازرێتەوە بۆ سەر ڕێگای رواندوزو هەموو پێداویستییەکانی لە تەواوبوندان ئەگەر لە داهاتوودا کارەبا دابین کرا ئەوا لەو (مەحەتەیە) وە کارەبا دابەش دەکرێت بەسەر هەموو ناوچەکانی دەڤەری سۆران هەتا چۆمان و سیدەکان و ناوچەکانی تریش دەگرێتەوە.

+ گرفتێکی تر لە شاری سۆراندا خراپی ڕێگاو بان و شەقام و کوچەو کۆڵان و گەڕەکەکانیە زۆر شوێن تا بڵێی دیمەنێکی نا شارستانی پێوە دیارە و لە زستانیشدا هەندێ لە شوێنەکان دەبنە گۆماوو قوڕ ئێوە بەرنامەتان چییە لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟

- ئێمە بەردەوام لای خۆمان نووسراومان بەرز کردۆتەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئێمە دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانیمان کارگەیەکی قیر لەسەر ڕێگای (دێڵزیان) دابمەزرێنین و ئێستاش کاری تێدا دەکرێت، پێمان وایە ئەوە پرۆژەیەکی گرنگە بۆ چاککردنی شەقام و گەڕەك و کۆڵانەکانی شار، ئەبێت ئەوەش بڵێم ئەو کارگە قیرەی ئێستا هەمانە مەزەندەمان کردوە ئەگەر هەموو رۆژێك کار بکات و مەوادو پێداویستیشی لێ نەبڕێت ئەوا نزیکەی سێ ساڵ دەخایەنێت تا شەقام و گەڕەکەکانی شار قیرتاو دەکرێن واتە کاتێکی زۆری دەوێت ئەوە جگە لەوەی تێچوونێکی ماددی زۆریشی دەوێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەرنامەی تێروتەسەلمان لەبەر دەستە و بەردەوام دەبین بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکان شاریش بە رۆژێك و دوو ان وساڵێك گرفتەکانی بنبڕ ناکرێت هەر دەبێت بە پێی توانا و کات و بەرنامە کاری بۆ بکرێت، ئێستاش کە وەرزی زستانە ناتوانرێت کار بکرێت چونکە لە وەرزی زستاندا قیرکردنی شەقام و کۆڵانەکان باش نابێت بۆیە وەرزی بەهارو هاوین شیاو ترین کاتە بۆ دەست بەکاربوونمان، گرنگ ئەوەیە لە داهاتوودا پارەمان بۆ سەرف بکرێت و دەست بکەین بە هەڵمەتی قیرتاوکردن، شەقامەکانی سەرەکی ناو بازاڕ کاتی خۆی قیرتاو کراوە بەڵام ئەگەر سەرەنجتان دابێت مەترێك زیاتریان جێ هێشتوە ئەوە گەورەترین گرفتی بۆ ئێمە دروست کردووە لە زستاندا هەمووی دەبێتە قوڕ، نا توانرێت خاوێن بکرێتەوە و لە هاوینیشدا دەبێتە تەپ و تۆز تەنانەت ئێستا کەس ناتوانێت ئۆتۆمبیلەکەی خۆی رابگرێت نازانم بۆ ئەو کارەیان کردووە.

- ئەی کێشەی ئاوڕۆکان چیتان بۆ کردووە بە تایبەت لە شەقامە گشتییەکان و ناو بازاڕدا ئاوێکی زۆر دەڕژێتە سەر شەقامەکان و کۆ دەبێتەوە؟

+ ئاوەڕۆکان لەناو شاردا هەیکەلی ئەساسی شار پێك دێنن ئێمە لە رووی ئاوەڕۆشەوە کەم و کوڕیمان زۆرە پێش ئێستا فەرمانگەی ئاوو ئاوەڕۆکان هەبوو بەڵام ماوەیەکی کەمە لە یەکتر جودا بوونەوە ئاوەڕۆکان ئەمڕۆ لە سۆراندا کێشەی سەرەکی ئێمەیە لەبەر ئەوەی لە ژێر زەوییە و بەرچاو نییە خەڵك بەم شێوەیە هەستی پێناکات بەڵام کاتێك شەقامەکانمان قیرتاو کرد ئینجا ئەو کێشەیە خۆی بەدەر دەکات، حکومەتی هەرێمیش هەوڵدەدات ئەم پرۆژەیە لە ڕێگای بڕیاری (986)وە ئەنجام بدرێت ئێستا ئێمە بەرنامەیەکی وامان لەبەر دەست نیە بۆ ئاوو ئاوەڕۆکان بەڵام لەبەر ئەوەی خراوەتە نێو بڕیاری (986) ئومێد دەکەین لە داهاتوودا چارەسەر بکرێت، هەروەها سەبارەت بە کوچەو کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکانی شاریش ئێمە دەزانین ناخۆشەو گرفت بۆ خەڵکەکە دروست دەکات بەڵام وەك وتم کۆمەڵێ بەرنامەمان لە پێشە کە کاتێکی شیاوی دەوێت بە تایبەت کارگەی قیر هەروەك ئاماژەم بۆ کرد لەم وەرزی بەهارەدا بە شێوەیەکی بەرنامە ڕێژ دەست دەکەین بە راپەڕاندنی کارەکانمان.

- خاڵێکی تر ئێستا لە شاری سۆراندا کێشەی خانووی تەجاوزە خەڵك لەم رووەوە گرفتی زۆری بۆ دروست بووە، بە تایبەت ئەوانەی چەند ساڵێك پێش ئێستا خانوویان دروست کردووە کەچی ئێستا زۆربەیان رەنگە خانووەکانیان تێك بدرێت ئێوە تا چەند توانیوتانە قەرەبووی ئەو خەڵکە بکەنەوە و چارەسەرێکی شیاو و مامناوەندیان بۆ دابنێن؟

+ لە سەرەتاوە ئەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە شاری سۆران نەخشەی (تەفسیلی) و نەخشەی بنەڕەتی نەبوو بە هۆی بەرفراوانبوونی و زیادبوونی دانیشتوان ناچار نەخشەکان زۆر بە پەلە ئەنجام دەدران و خەڵك خانووی دروستدەکرد بەڵام ئێستا کە نەخشەی (تەفسیلی) هەیە ئەوا بە گوێرەی ئەم نەخشەیە زۆر خانوو و شوێن بەبەر شەقام و بینایەی گشتی و حکومی دەکەوێت، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە خراپکردنی کەمترین ڕێژە بێت چونکە هەم بۆ حکوومەت باشە و هەم خەڵکیش کەمتر زەرەرمەند دەبن ئێمەش بە پێی نەخشەی تەفسیلی هەوڵدەدەین کەمترین خەڵك زەرەرمەند بێت بەڵام ئەم نەخشەیە جوانکردنی شارو ڕێکخستنیەتی بە شێوەیەکی مۆدێرن و شارستانی هەم لە لایەك نەهێشتنی دیاردەی نایاسایی خانوو و شوێنی تەجاوزە بێگومان جوانکردنی شار پێویستی بەوە هەیە هەم خەڵك ئامادەیی هەبێت کە بەشێك زەرەری پێ بکەوێت و هەمیش حکومەت بەڵام بە شێوەیەکی یەکسان، ئێستاش ئێمە خانووی کەسمان خراپ نەکردووە بەڵام رامان گەیاندووە کە هیچ کەسێك بەبێ پرسی شارەوانی خانوو دروست نەکات چونکە بەراست ئەوەی بێ پرسی ئێمە خانوو دروست بکات خۆی بەرپرسیارە ئیتر دوارۆژ چۆن قەرەبووی بکەینەوە بەڵام خەڵکانێك کە پێشتر واتا بەر لە نەخشەی بنەڕەتی و تەفسیلی خانوویان کردبێت ئەوا ئێمە ئەگەر لێمان خراپ کرد ئەوا بێ شك قەرەبووی دەکەینەوە.

- ئەگەر پێشنیارو قسەیەکی ترتان هەبێت؟

+ من هەر ئەوەندە دەڵێم زۆر پێویستە خەڵك خۆیان لە پێشخستنی شاردا بەشداربن و خۆیان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن لە ئاستی جوانکردن و بەرەو پێش بردن و پاراستنی شاردا چونکە بە راستی خەڵکیش بە ئەندازەی لایەنی بەرپرس دەتوانن رۆڵ ببینن لە زووتر چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی کە لە شاردا هەن. من جارێکی تر بەخێرهاتنی هەفتەنامەکەتان دەکەم و هیوای بەرەو پێشچوونتان بۆ دەخوازم داواشم وایە بەردەوام لە پێشاندانی گرفت و کەم و کوڕییەکان دابن تا هەرچی زووە چارەسەر بکرێن.

نەخوێندەواری پاشکۆیەکی فەلسەفەی پەروەردەی داگیرکەرانە بەرەو کوێمان دەبات؟

مەجید حەمە فەرەج

ئەگەر نەخوێندەواری سەرچاوەی کوێرەوەری و نەخۆشییەکانی ناو کۆمەڵ بێ و سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەر ئامانجیان پێگەیاندنی کەسایەتی شێواوو گونجاو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان ئەوا هەرێمی کوردستانی ئێمەش بە درێژایی سەدەکانی رابردوو پاشکۆی سیاسەتی رژێمە داگیرکەرەکان بوونە.

کاتێکیش لە چەرخی بیستەمدا گەلانی ژێر دەست سەربەخۆیی خۆیان بە دەست هێنا ئامانجەکانی خوێندن گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهات، بەڵام لە کوردستان لەگەڵ گۆڕانی رەوشی سیاسی لە ساڵی 1991 بنەماکانی خوێندن گۆڕانی بنەڕەتیان بەسەردا نەهات و کاریگەری خۆیان لە رابردوو ئێستادا بە بەردەوامی لەناو کەسایەتی مرۆڤی کورد بۆ پێگەیشتن و کامڵ بوونی پرۆسەی زانست و پەروەدە بە جێی هێشتووە و جێی دیڵی هەرچەند ئەو کۆسپ و تەگەرانە زۆرن لە بەردەم دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کە هەندێکیان هۆکاری دەرەکین و ئەنجامی سەر کێشی رژێمی بەغدایە لە گەمارۆی ئابووری نێو دەوڵەتی و سیاسەتی رەگەزپەرستی لە هەمان کاتدا هۆکارە ناوخۆییەکانیش لە نەبوونی فەلسەفەیەکی خوێندن بۆ هەرێمەکە و کەرت بوونی ئیدارە و وەزارەتی پەروەردە.لەگەڵ ئەوەشدا جێ بەجێکردنی بڕیاری 986 گۆڕانێکی گەورەی بەسەر پرۆسەی خوێندن لە کوردستان هێنا لە رووی دابینکردنی پێداویستییەکان لە قوتابخانە و پەرتوك و زیندوکردنەوەی یەکە کارگێڕییەکانی بەڵام تا ئێستا ئەو قەیرانەی دەسەڵاتی سیاسی گرتۆتەوە کۆسپی گەورەیە لە بەردەم خوێندن و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لە راستیدا نەخوێندەواری و بێ بەش بوونی زۆر لە منداڵانی ئەو گوندانەی ئاوەدان کراونەتەوە بێ قوتابخانە و مامۆستان لەم دە ساڵەی رابردوودا نەوەیەکی نەخوێندەوار سەر هەڵدەدات کە زۆر ئاسەواری خراپی لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەبێت هەرچەند چەندین ڕێکخراو هەوڵی کردنەوەی مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواریان داوە بەڵام لەگەڵ ئەو بڕیارو گۆڕانەی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەدە لە (سلێمانی- هەولێر) دەی بەستن هەست بەوە ناکرێ لە ئاستی پێویست بڕیارو راسپاردەکان بۆ هەنگاونان بۆ ئەنجامدانی گۆڕینی پروگرام و رزگارکردنی لە کاریگەری رابردوو لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ پشتگیری و فراوان کردنی هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری ئەوەش وا دەخوازێ ئەو ڕێکخراوانەی مەڵبەندی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریان هەیە زیاتر لەم بوارەدا بە توانا بکرێن پێداویستییەکانی وەك پرۆگرامی هەرسێ قۆناغەکە و پەرتوك و قرطاسیەیان بۆ دابین بکرێ.

لە چەرخێکی وەك ئێستا لە وڵاتانی جیهان پێوەر بۆ خوێندەواری شارەزا بوونی خوێندکارە لە کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت لای ئێمە هەزاران منداڵ بە نەخوێندەواری گەورە دەبن و ڕێژەیەکی زۆر لە ئافرەتان ناخرێنە قوتابخانە و بێ بەش کراون.

ئەمڕۆ وەك ئەرکێکی نیشتمانی هەردوو دەسەڵات لە هەرێمی کورستاندا پێویستە کۆسپەکانی سەر ڕێگای بەرەوپێشچوونی خوێندن لە کوردستاندا نەهێڵن وەزارەتی پەروەردە لە هەردوولا یەك بگرێتەوە و یەك مەنهەج و یەك فەلسەفەی پەروەدەیی بۆ پێگەیاندنی نەوەکان لەم بوارەدا پەیڕەو بکرێ بە پێچەوانەوە دەبێ هەردەم پاشکۆی سیاسەتی رژێمە ناوەندیەکان بین.